# ئەنفال
# لە ڕوانگەی ئیسلامەوە*

عەبدولڕەحمان سدیق

**پێشەکی**

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیداو، بەزۆر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەچاوی کەمینەیەکی ترسناکەوە لە کوردیان ڕوانیوە، بۆیە لە پێناوی لاوازکردن و کۆنترۆڵکردن و، دواجاریش قڕکردنیدا خۆیان لە بەکارهێنانی هیچ شێوازێکی نایاسایی و نائاسایی و نامرۆڤانە، نەپاراستووە،

سەردەمێك بە نکوڵی کردن لە مافە ڕۆشنبیرییەکانی، سەردەمێکیش بە گۆڕینی ناوی شارو گوندەکانی و، سەردەمێکی دیش بە عەرەب کردن و، جارێکیش بە ڕاگوێزانی، جارێکی دیش بە سوتماك کردنی خاکی و، دواجاریش ناپاڵم و کیمیا پیاکردنی.

لە پرۆسەیەکی سەربازیی بێوێنەدا، کەهەشت قۆناغی خایاند لە (شوبات)ەوە هەتا (ئەیلول)ی ساڵی (١٩٨٨) بەردەوام بوو، تیایدا زیاتر لە (٤٥٠٠) گوند خاپور کران و، هەزاران خانوبەرەی گوندنشینان وێرانکران و، ڕەزو باخ و مەزراکان سوتێنران، سەرچاوەی ئاوو کانیاوەکان کۆنکرێت ڕێژکران، شیرازەی کۆمەڵایەتی خێزانەکان و خێڵ و گوندەکان تێکچوو، زیندوانی پاش کارەساتەکە لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا تووشی خەمۆکی و نامۆبوون هاتن و، مناڵان باری دەروونییان تێك چوو..

هەموو ئەم کارەساتانەش بەبێدەنگی بەڕێوەچوون، بۆیە ئێستاش کەسانێك ماون لە ناوخۆی عێراق و دەرەوەدا، هێشتا وەك پێویست بڕوایان بەم قسانە نییە کە ئێمە دەیکەین.

ئەنجامدەرانی ئەم کارەساتانەش بەم کارەیان، کوردیان تووشی زیانێکی بێوێنەکردو، ئیسلامیشیان شێواند کاتێك ناوی سورەتێکی (قورئان) یان بۆ ئەو شاڵاوە سەربازییە هەڵبژاردو، ناوی (ئەنفال)یان لێنا.

ئەو ناوەی تا ئەم ساتەوەختەش لە هزروبیری زۆرێك لەپیرو لاوو منداڵدا بێزراوەو، بووە بە هێماو سیمبوڵی وێرانکردن و کوشتن و کورد قڕان.

ئەمڕۆ و سبەی لە پاڵ ئەوەی پێویستە کەبایەخ بە زیندوو ڕاگرتنی ئەم یادو مەرگەساتە بدەین لەناوخۆوو دەرەوەداو، بە بەشداربوونی هەموو حزب و ڕێکخراوەکان و، تەماشاکردنی کارەساتەکە وەك ڕۆژی پرسەی نیشتمانیی و، کارەساتەکە و ئەنجامدەرانیشی بەجیهان بناسێنین، پێوستیشە ئەو گومانە بڕەوێنینەوە کە ئەنجامدەرانی ئەم پرۆسە سەربازییەهێنایانە ئاراوە، کاتێك ڕەوایەتی ئەم تاوانەیان خستە پاڵ سورەتێك لە قورئانەوە، چونکە بەڕەواندنەوەی ئەم گومانە دەگەینە چەند ئەنجامێکی بە سوود لەوانەش:-

١-پاراستنی ناوو ناوەڕۆکی ئایینی زۆرینەی گەلەکەمان کە ئیسلامە، ئەو ئیسلامەی کە هەتا ئەم ساتەش هەوێنی گیانی شۆڕشگێڕیی و ئاوادانکردنەوەی کوردستانە.

٢-جێکردنەوەو دانانی کارەساتەکە لە خانەی ڕاستەقینەی خۆی کە (جینۆساید)ەو، چەندین بڕگەو ماددەی بۆ تەرخانکراوە لە یاساو ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییەکاندا.

هەروەها جێی خۆیەتی کە هەنگاوی ئەوتۆ بنرێت بۆ زیندووانی پاش کارەساتەکە بە کۆکردنەوەی زانیاری و ئامارکردنیان و چاککردنی باری ئابوریيان و، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان و، شیاندنیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە ڕاڤەکردنی مانای ڕاستەقینەی ئەنفال بۆ جەماوەر، ئەرکێکی لە پێشینەی زانایانی ئایینی ئیسلامە، بۆ ئەوەی چیدی ئەنجامدەرانی ئەم کارەساتەو، هەر

کارەساتێکی دی، بۆ ڕەوایەتی تاوانەکانیان نەگەڕێن لە دوو توێی قورئان و، لەژێر پەردەی ئایین دا.

ئەم هەوڵەی ئێمەش هەوڵێکە لە نێو هەوڵەکانداو، نووسینەوەو سەر لەنوێ داڕشتنەوەی کۆڕێکی خۆمە کە لە هەفتەی رۆشنبیری کۆمەڵەی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان، پێشکەشم کرد لە بەرواری (١٨/٤/١٩٩٥) لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر لە ژێر ناونیشانی (ئەنفال لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە) هیوادارم توانیبێتم، مانای راستەقینەی ئەنفال و جیاوازی نێوان ئەنفالی سەدەی حەوتەم و ئەنفالی سەدەی بیستەم بخەمە بەرچاوی خوێنەران.

**یەکەم: ئەنفال لە رووی زمانەوانییەوە:**

ئەنفال کۆی وشەی (نفل)ە، (نفل)یش واتە (الغنیمه)(١)و بەکوردی پێی دەڵێن دەستکەوت مەبەستیش لەمە (زیادە)یە چونکە (نفل) وەك (الراغب الاصفهانی) دەڵێت:

(النفل: أی الزیادة علی الواجب)، لێرەوە ئەوەی وەك ئەرك ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت (واجب)و، ئەوەیش کە ئارەزوومەندانە و خۆبەخشانە ئەنجام دەدرێت، پێی دەوترێت (نافلة)(٢).

بۆیە بەو نوێژە سووننەتانەی پێش و پاشی نوێژە فەرزەکان دەوترێت (نافلة) چونکە (واجب) نین(٣)

خوای گەورەش لە بارەی شەو نوێژەوە کە سوونەتە دەفەرموێت: (ومن الليل فتهجد به نافلة لك)(٤).

## دووەم : ئەنفال وەکو زاراوەیەکی قورئانی

ئەنفال، لە ئایەتی ژمارە (١)ی سورەتی (الانفال)دا هاتووە کە دەفەرموێت (يسألونك عن الانفال، قل الانفال لله والرسول..) (٥)

ئەم زاراوەیەش بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

(هي الأموال المأخوذة من الكفار قهراً بقتال..) (٦)

لەم پێناسەیەوە سێ ئەنجاممان دەست دەکەوێت:-

١-ئەنفال (أموال)ە، واتە شتومەك، هەروەکو لە هەمان سورەتی (الانفال)دا خوای گەورە پێناسەی دەکات بە ئایەتی (واعلموا أنّما غنمتم من شئ..) (٧) ، چونکە (شئ) بەشتومەك دەوترێت.

٢-(من الكفار) واتە لە لە بێباوەڕانی جەنگدار.

٣-(قهراً بقتال) واتە: شتومەکەکان، شتی بەجێماوی مەیدانی جەنگە، نەك هی ماڵ و نێو لادێو شارەکان.ئەم شتومەکەی مەیدانی جەنگیش کەپێی دەوترێت (غنيمة) واتە: دەستکەوت، لە پێش ئیسلامدا و، لە ئاینەکانی پێشوودا، رێگە نەدراوە بەکەس کە هەڵیان بگرێتەوە، بۆیە لەیەکەم جەنگی نێوان موسڵمانان و بێباوەڕانی عەرەبدا هاتە ئاراوە، بۆ ئەو سات و وەختە شتێکی نوێ بوو، بۆیە موسڵمانان نەیاندەزانی ئەو شتومەکانە هەڵبگرنەوە یان نەء، چونکە پێشتر -وەك وتمان- لە هیچ ئاینێك دا باس لە هەڵگرتنەوەیان نەکرابوو.

بۆیە پرسیار کردنەکەی نێو ئایەتی (يسألونك عن الانفال)، (سؤال)ێکە بۆ (فتوى)دان، نەك (سؤال)ێك بێت بۆ (داواکردن)، ئەو کەسانەش ئەو (سؤال)ە یان کرد کە لە مەیدانی جەنگە (بدر)دا بوون.

لە (التفسير المنير)دا دەڵێت: (والسؤال هنا، سوال استفتاء لا سؤال استعطاء وموجّهٌ ممن حضر معركة بدر)(٨)

هۆی ئەم (سؤال)ەش ئەوەبوو –وەکو وتمان– لە ئاینەکانی پێشتردا قەدەغەبوو شتومەکی مەیدانی جەنگ هەڵبگیرێتەوە، بۆیە بەڕێگەدان بۆ هەڵگرتنەوە یان، ناوی لێنرا (انفال)، چونکە (انفال) واتە (الزيادة). لە (صفوة البيان لمعاني القرآن)دا هاتووە کە:

(وسُميت أنفالاً لأنها زيادة خصّ الله تعالى بها هذه الأمة، اذ كانت محرّمة على من قبلهم من الأمم)(٩)

بۆیە حەڵاڵ بوونی شتومەکی بەجێماوی مەیدانی جەنگ لە تایبەتمەندییەکانی ئیسلامەو پێش ئیسلام نەبووە(١٠)

بۆیە ئیمامی (احمد) و (ابن حبان) و (الحاكم) لە (عُبّادة ابن الصامت)ەوە دەگێڕنەوە کە (ان المسلمين اختلفوا في غنائم بدر وفي قسمتها، فسالوا رسول الله–صلى الله عليه وسلم– : كيف تقسم؟ ولمن الحكم فيها. أهي المهاجرين أم للأنصار؟ أم لهم جميعاً، فنزلت الآية..)(١١)

لێرەوە حەڵاڵ بوونی شتومەکی بەجێماوی مەیدانی جەنگی یەکێکە لەو پێنج شتانەی کە بە پێغەمبەری ئیسلام دراوەو پێشتر بەکەسی تر نەدراوە.

هەریەك لە (بخاری) و (مسلم) لە (صحيح)ی خۆیاندا لە (جابر) دەگێڕنەوە کە: (ان رسول الله –صلى الله عليه وسلم– قال أعطيتُ خمساً لم يُعطِهُنَّ أحدٌ قبلي .. (فذكر الحديث الى ان قال): وأُحلّت لي الغنائمُ، ولَمْ تُحَلْ لأحدِ قبلي)(١٢)

بەم شێوەیە پێش ئیسلام شتێك نەبووە بەناوی دەستکەوت وشتومەکی جەنگ بۆ پێغەمبەرانی دی (عليهم السلام) بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەر– دروودی خوای لەسەر – نەیانئەزانی چی لە دەستکەوتەکانی مەیدانی جەنگی (بدر) بکەن، چونکە هەڵگرتنەوەیان

شتێکی نوێ بوو لە ڕووی ئاینییەوە، بۆیە ئایەتی ژمارە (١)ی سورەتی (الانفال) ئەم مەسەلەیەی گێڕایەوە بۆ خوای گەورە خۆی، خوای گەورەش لە ئایەتی ژمارە (٤١)ی هەمان سورەت دا ڕوونی کردەوە کە: (واعلموا أنّما غنمتم من شئ فأنّ لله خُمُسَهُ وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل)(١٣) .

بەم شێوەیە پێنج یەکی دەستکەوتەکانی مەیدانی جەنگ دابەش کراو، (چوار لەسەر پێنج) یشی دەدرایە جەنگاوەرەکان.

ئەم شێوازی دابەش کردنەش کاتیی بوو، بەبەڵگەی ئەوەی کە (عومەری کوڕی خەتتاب) لە سەردەمی خۆی دا، جۆرێك لە جۆرەکانی وەزارەتی بەرگری داهێنا بە نێوی (دیوانی سەربازان)و، هەموو دەستکەوتەکانی مەیدانی جەنگ دەخرایە ئەوێ و، بۆ کەس نەبوو هیچ دەستکەوتێکی مەیدانی جەنگ بۆ خۆی هەڵبگرێتەوە، چونکە سەربازان موچەی مانگانەی خۆیانیان بۆ بڕایەوە وەك ئێستا.

بۆیە لە (التفسير المنير)دا دەڵێت: (أما اليوم بعد تنظيم الجيوش ومنح رواتب دائمة للجند فتؤول –أي الغنائم–للدولة)(١٤).

لەبەر ئەمەش کەزانایانی پەیڕەوکارانی ڕێبازی (مالك) دەڵێن: _النفل قسمان: جائز و مكروه، فالجائز بعد القتال، والمكروه أن يقال قبل القتال: من فعل كذا وكذا فله كذا، وانّما كرُه هذا، لآن القتال فيه يكون للغنيمة)(١٥) .

هەرچی فەرموودەی (من قتل قتيلاً فَلَهُ سلَبُهُ) شە کە (بخارى) و (مسلم) و (ابوداود)و (الترمذي) ریوایەتیان کردووە، ئەوە لەکاتی جەنگی (حُنين)و، لەپاش تەواوبوونی شەڕەکە وتراوە نەك لە پێشیدا، وتنەکەش لەلایەن پێغەمبەرەوە وەکو سەرکردەو ئیمام فەرموویەتی نەك بە سیفەتی پێغەمبەرایەتی ئەوەتا ئیمامی (مالك) دەڵێت: (ولَم يَبلُغني أن النبي ﷺ قال ذلك الاّ يوم حنين، وانّما نَفَلَ النبي بعد أن برد القتال)(١٦).

(چونكه پێغەمبەر– درووودی خوای لەسەر – بە چەند سیفەتێك قسەی كردووە، بۆ نموونە:

١–كە دەفەرموێت: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد) ئەمە حوكمە و، بە سیفەتی پێغەمبەرایەتی فەرموویەتی، بۆیە دەچێتە خانەی شەرعی گشتییەوە.

٢–كە (هند)ی خێزانی (أبوسفیان) باس لە پیسكەیی و بەخیلی مێردەكەی دەكات، پێغەمبەر –درودی خوای لەسەر بێت– پێی دەفەرموێت: (خذي مايكفيكِ وولدَكِ بالمعروف)

ئەمە بە سیفەتی (مفتی) بوونیەتی و، ئەم قسەیەش فتوایە نەك (حكم)ێكی گشتی.

٣–كە دەفەرموێت: (من قتل قتيلاً فَلَهُ سلَبُهُ) ئەمە بە سیفەتی (امامة) و (سەركردە) بوونی فەرموویەتی (لەوكاتەدا)و (لەو شوێنەدا) و (لەو حاڵەتەدا)، نەك بۆ هەموو كاتێك و، هەموو شوێنێك و، هەموو حاڵەتێك)(١٧).

هەمان ئەم قسەیەش لەبارەی هەمان (حديث)ەوە لە (التفسير المنير)دا هاتووە كە: (ان هذا القول تصرفٌ من النبي–صلى الله عليه وسلم– بطريقة الامامة والسياسة فيحتاج الى اذن متجدد من الحاكم: (١٨)

**سێیەم: ئەنفال لە ژیاننامەی پێغەمبەر** -درودی خوای لەسەر بێت-

پاش كۆچكردنی موسڵمانان لە (مەككە)وە بۆ (مەدینە) ماڵ و سامانیان كەوتە دەست سەركردەكانی (قورەیش)ەوە كە هۆزێكی بالآدەست و خاوەن بازرگانیی (هێنان) و (بردن)ی نێوان (شام) و (یەمەن) بوون لە هەردوو وەرزی (هاوین) و (زستان)دا.

بۆیە پێغەمبەر–درودی خوای لەسەر بێت– وەك وەرگرتنەوەی شەرعییانەی ماڵی كۆچ پێكراوان، هەر لە زووەوە دەیویست بەبێ بەرپاكردنی جەنگ، رێ بە یەكێك لەو كاروانانەی قورەیش بگرێت، كە ئەمەش پێی دەڵێن (الفَيْءُ) كە بریتییە لە (ما أُخِذَ من الاعداء بلا حرب)(١٩) .

بۆیە هەتا دەگاتە جەنگی (بدر) و باسی (انفال)، هەشت هەوڵ و دەرچوون هەبووە بۆ دەست بەسەراگرتنی برێك لە شتومەكی قورەیش و دابەشكردنی بەسەر كۆچ پێكراواندا، لەو هەشت هەوڵەش، پێغەمبەر-درودی خوای لەسەر بێت- لە چواریاندا خۆی بەشداری كردووەو، چوار هەوڵەكەی دیش هەر جارەی بە سەرپەرشتی هاوەڵێكی بووە لە (مهاجرین) كورتەی باس و هەواڵی ئەو هەوڵانەش، وەك ئەمەی لای خوارەوە بوونە: (٢٠)

+**هەوڵی یەكەم** لە مانگی (ڕەمەزان) پاش (٧) مانگ لە هیجرەت ئەنجام دراوە بەسەركردایەتی (حمزة)ی كوڕی (عبد المطلب).

+**هەوڵی دووەم** لە مانگی (شوال) پاش تێپەڕبوونی (٨) مانگ بەسەر هیجرەت دا ئەنجام دراوە بەسەركردایەتی (عُبیدة)ی كوڕی (حرث)ی كوڕی (عبد المطلب).

+**هەوڵی سێیەم** لەمانگی (ذي القعدة) پاش تێپەڕبوونی (٩) مانگ بەسەر هیجرەت دا ئەنجام دراوە، بەسەركردایەتی (سعد)ی كوڕی (ابی وقاص).

+**هەوڵی چوارەم** لە مانگی (صفر) پاش تێپەڕبوونی (١٢) مانگ بەسەر هیجرەت دا ئەنجامدراوە بە بەشداربوونی پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر بێت- خۆی و (حمزة)ی كوڕی (عبد المطلب)یش ئاڵاهەڵگری بووە لەو هەوڵەدا كە بە (غزوة)ی (أبواء) یان (ودّان) ناسراوە.

+**هەوڵی پێنجەم** لە مانگی (ربیع الاول)پاش تێپەڕبوونی (١٣) مانگ بەسەر هیجرەت دا ئەنجام دراوە، بەبەشداربوونی پێغەمبەر-درودی خوای لەسەر بێت- لە هەوڵێكدا كە بە (غزوة)ی (بُواط) ناسراوەو، (سعد)ی كوڕی (ابی وقاص)یش ئاڵا هەڵگری بووە لەو هەوڵەدا.

+**هەوڵی شەشەم** بۆ جارێكی دی لە هەمان ساڵدا ئەنجام دراوە بە بەشداربوونی پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر بێت- بۆ ڕێگرتن لە كاروانی (كرز)ی كوڕی (جابر)ی (فهری)و، لەو هەوڵەشدا (علی) كوڕی (ابو طالب) ئاڵاهەڵگری پێغەمبەر بووە -درودی خوای لەسەر بێت-.

+**هەوڵی حەوتەم** لە مانگی (جمادى الآخرة)پاش تێپەڕبوونی (١٦) مانگ بووە بەسەر هیجرەت دا، بە بە بەشداربوونی پێغەمبەر –درودی خوای لەسەر بێت– ئەو هەوڵەش بە (غزوة)ی (العُشيرة) ناسراوەو، (حمزة)ی کوڕی (عبد المطلب) یش ئاڵاهەڵگری بووە، ئەمەش ئەو کاروانەیە کە دەچوو بۆ (شام)و، لەکاتی گەڕانەوەشدا هەوڵی نۆیەمی بۆ دەردێت، بەڵام دەرباز دەبێت و، جەنگی (بدر)ی لێدەکەوێتەوە.

+**هەوڵی هەشتەم** لە مانگی (رجب) دوای (١٧) مانگ بەسەر هیجرەت دا ئەنجام دراوەو بە سەرکردایەتی (عبدالله)ی کوڕی (جحْش)ی (الاسدى).

+**هەوڵی نۆیەم** لە مانگی (رەمەزان)دوای تێپەڕبوونی (١٩) مانگ بەسەر هیجرەت دا ئەنجام درا، بەبەشداربوونی پێغەمبەر –درودی خوای لەسەر بێت–ئەم هەوڵەش جەنگی (بدر) لێکەوتەوە کە موسڵمانان لەراستیدا هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ نەکردبوو چونکە ئەوان بۆ جەنگ دەرنەچوو بوون، بۆیە کاتێك سوپای قورەیش کە (٩٥٠) کەس بوون –بۆ فریاکەوتنی کاروانەکەی خۆیان کە بە سەرپەرشتی (ابو سفيان) کاروانەکە رێگەی لای دەریای گرتبوو، بەمەش دەرباز بوو بوو – سووربوو لەسەر جەنگ، ئیدی موسڵمانان بە (٣١٣) کەسەوە کەوتنە بەر شاڵاوی جەنگێك کە دەبوایە هەر رووبەڕووی ببنەوە، هەرچەندە هەندێکیان بە پێغەمبەریان دەگوت: هلاّ ذكرت لنا القتال فنستعد)(٢١)

لەبەردەم حاڵەتێکی وادا پێغەمبەر–درودی خوای لەسەر بێت– راوێژی بە هاوەڵانی کرد. (مهاجرين)ی مەککە ئامادەی تەواویان نیشان دا، بەڵام هێشتا پێغەمبەر –درودی خوای لەسەر بێت– دەیفەرموو (أشيروا علىّ أيها الناس)، مەبەستیشی لەمەدا (انصار)ەکانی مەدینە بوو چونکە ئەوان لە پەیماننامەی (عقبة)دا، پەیمانی ئەوەیان پێدابوو کە هەتا لە مەدینەدا بێت وەك کەس و ماڵی خۆیان بیپارێزن، بەڵام کە ئێستا جەنگی هاتۆتە پێش و، لەدەرەوەی (مەدینە)شدا بێت، پێویستی بە راوێژکردن هەبوو، پێویستیش بوو (انصار)ەکان سەرپشك بکرێن لە بەشداربوون یان نەبوون لەم جەنگەدا.

ئیدی ئەوەبوو کە (سعد)ی کوڕی (معاذ) هەستاو وتی (واللە لکأنّك تریدنا یا رسول اللە؟ قال: اجل، فقال....سر علی برکة اللە)(٢٢)

لەکاتی دەستپێکردنی جەنگیشدا، قورەیش داوای سێ روو بەڕووبوونەوەی تاکە کەسییان کردو، (عُتبە) و (شیبە) و (ولید) یان خستە مەیدان، (انصار)ەکانیش ویستیان سێ کەس لە خۆیان دەربێنن، بەلام پێغەمبەر –درودی خوای لەسەر بێت–ئەمەی پێ باش نەبوو، چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا بۆ گێڕانەوەی ماڵ و سامانی (مهاجرین) دەرچووبوون، بۆیە پێغەمبەر –درودی خوای لەسەر بێت–سێ کەسی لە (مهاجرین) دەرهێنا کە خزمی خۆی بوون ئەوانیش (عُبیّدەی کوڕی حرث کوڕی عبد المطلب) و (حمزة)و (علي) .. بوون.

ئیدی لێرەوە جەنگ دەستی پێکردو لە کۆتاییشدا موسڵمانان (١٤) شەهیدیان بوو کە (٦) یان لە (مهاجرین) و (٨) یشیان لە (انصار) بوون، (قورەیش)یش (٧٠) کەسیان لێ کوژراو (٧٠) کەسیشیان بەدیل گیران، کە ئەمانەش لە دواییدا بەسێ جۆر ئازاد کران(٢٣).

١–هەندێکیان پارەیان دا کە ئەمەش (أبوداود) لە (جامع السنن)دا دەیگێڕێتەوە و، دەڵێ: (ان قیمة الفداء یومئذِ ما بین الاربعمائة واربعة الآف درهم).

٢–هەندێکیان کە خوێندەوار بوون و بێ پارەبوون، داوایان لێکرا کە هەریەکەیان (١٠) کەس لە منالانی (مەدینە) فێری خوێندن و نووسین بکەن.

ئیمامی (أحمد) لە (ابن عباس)وە دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: (کان ناس من الاسری یوم بدر، لم یکن لهم فداء، فجعل رسول اللە –صلی اللە علیە وسلم– : أن یعلّموا أولاد الانصار الکتابة)

٣–ئەوانەش کە پارەیان نەبوو، نەخوێندەواریش بوون بەبێ بەرامبەر ئازاد کران، وەك (أبو عزة)ی شاعیر (ومن لم یکن یعرف القراءة والکتابة، منّوا علیە کأبي عزّة الشاعر)

لەسەر ئەنجامی ئەم باسە مێژووییەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەرچوونی موسڵمانان بۆ دەسخستنی شتومەکی دوژمنێك بوو،کە پێشتر دەستی بەسەر ماڵ و سامانی موسڵمانانی مەککەدا گرتووەو، وڵات بەدەرو ئاوارەیشی کردوون.

کە مەسەلەکەش گەیشتۆتە جەنگ و، ئەوا تەنها شتومەکی ماددی بە جێماوی مەیدانی جەنگ کە بە (نفل) و (غنیمة) ناسراوە، هەڵگیراوەتەوەو، موسڵمانان دوای لە شکری بەزیوی قورەیش نەکەوتون و، نەچونەتەوە (مەککە)وەو ماڵ و سامانی کەسیان نەبردووە، چ جای کەسوکارو پیاو ژن و منالیان.

## چوارەم: ئەنفال لە فەرهەنگی بەعس دا:

(بەختیار عەلی) دەڵێت: (بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال، تەنیا یەك رێگامان لە پێشدەمدایە، ئەویش رێگای تێگەیشتنە لە (بەعس).. ئەنفال هەر سەرچاوەیەکی هەبێت، هەر ڕەگ و ریشەیەکی مێژوویی یان ئایدۆلۆژیی هەبێت، پێشتر ئەو هۆکارانە بە هەناوی بەعسیزمدا رابووردوون و، لە نێوەندی ئەو هەناوەدا شێوەیەکی نوێو، مۆرکێکی تازەیان وەرگرتووەو، بونەتە بەشێك لە کەلتوری بەعس.. چونکە بەعسیزم دیاردەیەکە، سروشت و مۆرکی هەموو ئەو دیاردانەی تر دەگۆرێت کە بەنێویدا گوزەر دەکەن)(٢٤) .

بۆیە دووبارە بەختیار دەڵێت: (گێڕانەوەی ئۆتۆماتیکی ئەنفال بۆ ئایین و فیکری دینی، نەوەکو خۆدزینەوەیە لە خوێندنەوەی بەعس، بەڵکو گواستنەوەی گوناهەکانی بەعسە بۆ مل ئایین، کەمن پێم وایە لە جەوهەردا، ئایین خۆی یەکێك لە قوربانییەکانی بەعسە) (٢٥)

هەروەکو (کنعان مکیة) دەنوسێت: (ئەنفال رووداوێك نییە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە، بەڵکو مێژوویەکی درێژی مامەڵەکردنی دڵڕەقانەی کوردی لەلایەن بەعسەوە لە پشتەوەیە) (٢٦)

لێرەوە ئەنفال لەلای دسەڵاتدارانی عێراق، ئەو چەترەبوو کە لەژێریدا، ئەو پرۆسە سەربازیە فراوانەی نێوان (شوبات)و (ئەیلول)ی ساڵی (١٩٨٨)ی تیادا ئەنجام درا،

بەمەبەستی قڕکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان کە ئەمەش لە یاسا نێو دەوڵەتییەکاندا بە (جینۆساید) ناونراوە.

ئیدی لەمەزیاتر (بەعس) پێناسێکی ئاشکرای بۆ (ئەنفال) پێ نییە، یان نایەوێت پێی بێت، چونکە وەك بەختیار عەلی دەڵێت: (کێشەکە لەگەڵ بەعس دا نەکێشەی نەتەوەیە، نەکێشەی عرقێکی تایبەتی گلاوە، نەکێشەی کافر و موسڵمانە، بەڵکو کێشەی دەسەلاتێکە کە نایەوێت بەهانەیەکی تایبەتی بۆ کوشتن دابڕێژێت، چونکە نایەوێت خودی ئەو بەهانەیە ببێتە رێگر لەبەردەم کوشتن و هەڵبژاردنی قوربانیەکانی دیکەدا)(٢٧).

لێرەوەیە کە لە عێراقی (بەعس)دا دەستورێکی هەمیشەیی و ئاشکرا بوونی نییەو، ئەوەی هەیە دەستورێکی کاتییەو بە دەستوری برگە (أ)ی ماددەی (٤١) ناسراوە، چونکە ئەو برگەو ماددەیە مافی دەرکردنی هەموو بریارێك دەداتە سەرۆك بە ئارەزووی خۆی.

بەلام بابێین و بپرسین: بۆچی بەعس ناوی (ئەنفال)ی بۆ ئەم پرۆسەیە هەڵبژارد؟

لەوانەیە بۆ ئەوە بووبێت کە ئەنجامی ترسناکی ئەم پرۆسەی قڕکردنە بداتە پاڵ ئایینێك کە کورد ئەوپەڕی رێزو خزمەتی بۆ نواندووە.

لێرەوە کاتێك (ئەنفال) وەك زاراوەیەکی قورئانی دەبێتە سەرەتای تێگەیشتن لە پرۆسەیەکی سەربازی جینۆسایدانە، ئەوسا یەکسەر قورئان دەکرێتە لێپرسراو لە (ئەنفال)(٢٨)و، بەم کارەش رووی بەعس و دام و دەزگا سەرکوتکارەکەی سپی نیشان دەدرێت و، بێتاوان رادەوەستێت لەبەرامبەر رای گشتی جیهانیدا.

پرۆسەی ناولێنان لە فەرهەنگی بەعس دا، ئەزمونێکی دێرینی هەیە، ئەوان هەر پرۆژەوپرۆسەیەك کە (خزمەتگوزار)بێت ناوی بەعس و، سەرۆك و، شۆڕش و، .. هتد لێدەنێن.

هەر کارێکیش کاولکاری و دڵەڕاوکێ و ترس و کارەساتی بەدوادا بێت، ئەو ناوانەی لێدەنێن کە دەیانەوێت لەو رێگەیەوە بێزراوی بکەن لەلای لایەنگرانی، کە هەر ئەوانیش دەبنە

قوربانیانی ئەم جۆرە کارەساتانە لە نموونەی یەکەمیان: مدينة صدام، سد صدام، مستشفى صدام ، نهر القائد، حي الثورة ، حي البعث،

لە نمونەی دووەمیشیان: ئەو رۆکێتەی کە ئێرانی شیعە مەزهەبی پێبوردومان دەکرا ناوی (الحسين)و (العباس)یان لێنا ! !ئەو گەڕەکە دروستکراوەی عەرەب لە نێو گەڕەکێکی کوردی ناوی (**المثنى**)ی لێنرا، قەزای (دیانا)ی کوردی کرایە (قضاء الصدّيق)، ئەو رێکخراوە سیخوڕییەی کە چاودێری خەڵکی کورد دەکات، ناوی (منظمة الفاروق) ی لێنرا، ئەو سەربازگەیەی خەڵکی کوردی تیا بەند دەکرێت، ناوی (خالد بن الوليد)ی لێدەنرێت، کوردقڕان و کیمیاباران بە نێوی (انفال) ناو دەبرێت کە (لە هەڵەبجەی تازە) یان بۆ دروست دەکرێت ناوی (صدامية حلبجه)ی لێدەنرێت، کە دەرەوە لە (ئەنفال) ی پرسی لە ساڵی (١٩٨٩) وتیان ناوی کۆمپانیایەکی ئاوەدانکردنەوەیە (شركه الانفال للمقاولات) و بارەگاکەی لە هەولێری پایەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمییە. (٢٩) .

لەوانەشە بۆ ئەوە بووبێت کە لەژێر ناوێکی ناوخۆییدا تاوانێکی گەورەی ناسراو بە (جینۆساید) بشارێتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر هێرشی ئەو بڕیار و راسپاردە یاسایی و نێودەوڵەتییانەی کە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە گەورەیە مەحکوم دەکەن. ئەگەرچی وەك (یۆست هیلتەرمان) دەڵێت: (لە راستیدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە هەموویان بەشی زانیاری دەرەوەو پۆلیسی نهێنییان هەبوو، کە ئەمەش شمولی هەموو زلهێزەکانی دنیا دەکات، بەباشی ئاگاداری ئەنفالەکان بوون.. ئاگاداری رەشبگیریی و بە کۆمەڵی خەڵك بوون.. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەو هێزانە هیچ سوودێکیان لەوەدانەبووە لەو کاتەدا، دەستی تاوان درێژبکەن بۆ ئەو تاوانە گەورەیەو ئیدانەی بکەن) (٣٠)

### پێنجەم: بەراورد و ئەنجام

لەم چوار بەشەی کە لە پێشەوە هاتنە باسکردن، بە ئاسانی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی زۆر زەق هەن لە نێوان ئەنفالی دوای (بدر)ی سەدەی حەوتەمی زایینی و ئەنفالی دوای شەڕی کەنداوی یەکەمی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، لەوانەش:

١–ئەنفالی یەکەم، زادەی هەولێکی ڕەواو بێ بەرنامەی دەرکراوان بووە بۆ گێڕانەوە ماڵ و سامانی زەوتکراویان لە زۆرداران، بەڵام ئەنفالی عێراق هەولێکی ناڕەواو بەبەرنامەی زۆرداران بووە بۆ پاکتاوکردنی رەگەزی نەتەوەی کورد.

٢–ئەنفالی یەکەم زادەی (بدر)ێك بوو، کە مەدینەو قورئان و مزگەوتی پاراست، بەڵام ئەنفالی عێراق، هەزاران گوندی وێران کردو، هەزاران قورئانی سوتاندو، ئەوەندەش مزگەوتی خاپورکرد.

٣–ئەنفالی یەکەم لە پەراوێزداو، لە دەشتێکی چۆڵ و هۆڵدا ڕوویداو، بەلام ئەنفالی عێراق دەیان شارۆچکەو هەزاران گوندو سەدان کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕووبەری وێرانکارییەکانی بوون.

٤–ئەنفالی یەکەم لەڕووی کاتەوە، چەند رۆژێکی خایاند، بەڵام ئەنفالی عێراق تەنها لەو هەولەیدا نزیکەی ساڵێکی بۆ تەرخان کرد.

٥–ئەنفالی یەکەم شتومەکی بە جێماوی مەیدانی جەنگی حەڵاڵ کرد بەڵام ئەنفالی عێراق شتومەکی ناو ماڵی خەڵکی بەتاڵان برد.

٦–ئەنفالی یەکەم (٧٠) پیاوی جەنگاوەری لە مەیدانی جەنگ دا بەدیل گرت، بەڵام ئەنفالی عێراق دوو سەد هەزار ژن و پیاوو لاوو پیرو کوڕ و کچ و منالی بێ تاوانی مەدەنی و لاشەڕی لەناو ماڵی خۆیان کوشت و ڕفاند.

٧–تەواوی دیلەکانی دوای ئەنفالی یەکەم گەڕانەوە نێو ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام لە ئەنفالی عێراق تەنها هەندێك لە پیرەکان گەڕانەوەو، ئەو دەیان هەزارەکەی دی بەبێ دەنگی کوژران و زیندە بەچاڵ کران.

٨–ئەنفالی یەکەم بەرگری بوو لە بەرامبەر هێرشی سوپایەك، بەڵام ئەنفالی عێراق، هێرشی سوپایەك بوو بۆ سەرکەسانی بێدیفاع.

٩-ئەنفالی یەکەم زادەی جەنگێکی سادەی دوای دووساڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی پڕ بەزەیی ئیسلامیی بوو، بەڵام ئەنفالی عێراق، زادەی جەنگێکی بەرفراوان و ترسناکی دوای (٢٠) ساڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کەمینەی دڵڕەق و بێ بەزەیی بەعس بوو.

١٠-لە ئەنفالی یەکەمدا (زۆرداران) لە ئەوپەڕی ئامادەباشی دا لە بەرامبەر (ستەملێکراوان)دا تێك شکان و شتومەکەکانیان لە مەیدانی جەنگدا بەجێ هێشت. بەڵام لە ئەنفالی عێراقدا (ستەملێکراوان) لەوپەڕی بێ هێزیدا بوونە قوربانیی لەبەردەم (زۆرداران)ێکدا کە لە شکۆمەندترین ساتەکاندا دەژیان.

١١-ئەنفالی یەکەم لە (١٧) ڕەمەزانی ساڵی (٢)ی کۆچی ڕوویدا، کە (١٤)ەمین ساڵیادی دابەزینی یەکەم سورەتی قورئان بوو بەناوی (اقرأ)ەوە لە ئەشکەوتی (حرّاء) لە مەککەدا (٣١)، بۆیە پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر هەر دیلێکی خوێندەواری لە بەرامبەر فێرکردنی (١٠) منداڵی نەخوێندەواری مەدینەدا ئازادکرد، بەمەش ئەنفالی یەکەم هەوڵێك بوو بۆ قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری. بەڵام ئەنفالی عێراق کە (١٤/٤/١٩٨٨)دا گەیشتە چڵە بۆپەی، (١٤)ەمین ساڵیادی بۆردومان کردنی زانکۆی سلێمانی بوو لە قەڵادزێ لە (٢٤/٤/١٩٧٤) بەناپاڵم، بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراق هەر بەو یادەوە پاش (١٤) ساڵ مزگەوت و قوتابخانەی گوندەکانیان جارێکی دی خاپوورکردەوە، قورئان و پەرتوك و پەڕاوی قوتابیانیشیان کرد بە ژێر گڵ و خاکەوە. بەمەش ئەنفالی عێراق هەوڵێك بوو بۆ قەڵاچۆکردنی خوێندەواری و قوتابخانەکان!!

١٢-لە ئەنفالی یەکەمدا، پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر- دیلەکانی مەیدانی جەنگی بەسەر ماڵی هاوەڵەکانیدا دابەش کردو پێ ی گوتن (استوصوا بهم خيراً) واتە چاك بن لەگەڵیاندا، بەڵام لە ئەنفالی عێراقدا، دەسەڵاتداران راپێچراوە مەدەنییەکانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا کۆکردەوەو پێیان گوتن:(الكردي الجيد هو الكردي الميت) واتە: چاکی کورد ئەوەیانە کە مردووە!!

## شەشەم: بۆ پشتگیری لە ژیان.. بۆ پێشگیری لە مردن(٣٢)

پرۆسەی سەربازیی بەناو ئەنفال، یان ترسناکترین جینۆسایدی سەدەی بیست، یان کوردقڕان، هێندە شوم و کارەسات هێن بوو، ئێستاش کە لێی دەکۆڵینەوە دەپرسین: ئاخۆ ئەم کارەساتە کەوتە دوامانەوەو ڕۆی؟ یان وا لە پێشمانەوەو، لەوانەیە دووبارە بێتەوە؟!

ئەوەی شیاو بێت بەوەڵامی ئەم پرسیارە پەسەند بکرێت پێویستە وەڵامێکی پەیام ئامێز بێت بۆ گشت ئەوانەی کە دەتوانن لە ئایندەدا پێشگیریی لە دووبارە بوونەوەی کارەساتێکی لەم چەشنە بکەن.

داگیرکەران ئیدی دەبێت لەوە حاڵیی بووبن کە کوردقڕان وەڵامێکی حاشاهەڵنەگری بەوان دایەوە: کە سڕینەوەی ناسنامەو زمان و مۆرک و کەلتوری گەلان تاوانێکەو دژ بە ویستی خوایەو، لێی بێدەنگ نابێت، بۆیە ئێمە لەوپەڕی لاوازییداو بە جەستەی شەکەتی دوای زەمەنی خۆ حەشاردان و، بە هەناسەی سواری دوای کیمیابارانەوە، دەرگای ڕزگاری و، پەنجەرەی ئازادیمان لێکرایەوە، داگیرکەرانیش لەوپەڕی هێزو لە خۆبایی بووندا لوتی تانکەکانیان شکاو، دەرگای دنیایان بەڕوودا داخراو، گەمارۆدران!!

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت بزانێت کە (سایکس پیکۆ)و (لۆزان) چ کارەساتێکیان بەڕووی ئەم کوردەدا کردەوە!! کوردقڕان پێی گوتن کە پێکەوە لکانی گەلان و تێکەڵکردنی خاک و نیشتمانەکان، هەنگاوێکی کارەسات هێنەو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئێمەو، سڕینەوەی گوناهەکانی خۆیان، هەر ئەوەیان لە پێشدایە کە مافی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەو، مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئێمەش بەڕەوا بزانن.

خۆشمان لە نێو خۆماندا پێویستە لەو ڕاستییە بگەین کە کوردقڕان، لەناو بردنی هەمووان بوو، تەنانەت ئەوانەش کە لەبەرەی داگیرکەراندا بەدوای سەلامەتیدا دەگەڕان،

چونکه کورد لەدیدی داگیرکەراندا هەمیشه بەرلەوەی (راو بیرو بۆچوون) بێت، (بوون)ە، بەر لەوەی (انتماء) بێت (وجود)ە ! !

له کۆتاییدا (٤/١٤) بۆنەیەك نییه بە تەنها بۆ پرسە گێڕان و، هێندەش دوورنەکەوتۆتەوە، هەتا وەیاد بهێنرێتەوە.

کوردقڕان کارەساتێك بوو پێی وتین:-

هەتا (زمان)ێك هەبێت بلێت ( ولأصلِّبَنَّكُمْ أجمعين)(٣٣)

-هەتا (زەمان)ێك لە ئارادابێت، تاکێك تیایدا بلێت (سنقتّل ابناءهم ونستحي نساءهم وانا فوقهم قاهرون) (٣٤)

-هەتا (زەمینە سازبێت بۆ ئەو دەسەلاّتەی کە دەلێت (أنا ربكم الأعلى)(٣٥)

ئەوا بە کۆمەڵ کوژی و گەل قڕان ناچێتە دواوە، هەر پێشەوەی دەوێت ! !

**حەوتەم :ئەنجام :**

١-ئەنفال لەئیسلامدا تەنها شتومەکی بەجێماوی مەیدانی جەنگی نێوان موسڵمانان وبێباوەڕان بووە.

٢-بەعس بەبەکارهێنانی وشەی ئەنفال هەولێ شێواندنی ئیسلامی داوە، کاتێکلەژێر پەردەی ئایندا ناوی سوورەتێکی قورئانی بۆ ئەنجامدانی کارەساتێکی کۆمەڵکوژیی بەکارهێناوە.

٣-پێویستە بەردەوام بین لەو هەوڵە ستاتیژییەی ماوەیەکە دەیدەین بۆ جێکردنەوەو دانانی کارەساتەکە لەخانەی راستەقینەی خۆیدا کە(جینۆساید)ەو، چەندین ماددەوبڕگەی بۆ تەرخان کراوە لەیاساو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا، لێرەوە دەتوانین کارەساتەکە

بەجینۆساید ناوبەرین ، هەروەکو زۆرێك لەوناوانەمان گۆڕیی کەڕژێمی بەعس لە شارو شارۆچکەوگەڕەك وشەقام ودامەزراوە فەرمییەکانی نابوو بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی.

٤–دابەشکردنی خاك و،ژێرەستەکردنی گەلان و بەزۆر پێکەوەلکاندنیان بەخاك وگەلانی سەردەستەوە،هەمیشە کارەساتی کۆمەڵکوژیی وجینۆسایدی گەلانی ژێردەستی لێکەوتۆتەوە.

٥–هەتا زەمان وزەمینە سازبێت بۆ هەر زمانێك کەتاکرەویی خۆی و، تەنهایی رەگەزەکەی رابگەیەنێت ، ئوا بەکۆمەڵکوژیی وجینۆساید کۆتایی نایەت.

***ئەنفال ، نامیلکەیەکی ( ٣٧ ) لاپەڕەییە، چاپی یەکەم ،ساڵی ( ٢٠٠٢ ) ،تیراژ ( ١٥٠٠ ) دانە ، چاپخانەی ( ژین )، ژمارەی سپاردن ( ٣٦ ) ساڵی ( ٢٠٠٢ )**

## سەرچاوە پەراوێزەکان

١-بروانە : الامام ابي بكر الرازي لە (مختار الصحاح) لاپەڕە (٦٧٤)

د. وهية الزحيلي لة (التفسير المنير) بەرگی (٩) لاپەڕە (٢٤١)

الراغب الاصفهاني لە (مفردات الفاظ القرآن) لاپەڕە(٨٢٠)

ابن منظور لە (لسان العرب) بەرگی (١٤) لاپەڕە (٢٤٤)

٢- الراغب الاصفهاني- مفردات الفاظ القرآن، دار القلم چاپی یەکەم ساڵی (١٩٩٢) لاپەڕە(٨٢٠).

٣-الامام محمد بن ابي بكر الرازي مختار الصحاح، دار الرسالة الكويت چاپی (١٩٨٣)- لاپەڕە (٦٧٤).

٤-سورەتی (الاسراء) ئایەتی (٧٩)

٥-سورەتی (الانفال) ئایەتی (١)

٦-الشيخ محمد حسنين محمد مخلوف، صفوة البيان لمعاني القرآن، چاپی (سێیەم) ساڵی (١٩٨٢) لاپەڕە (٢٣٣).

٧-سورەتی (الانفال) ئایەتی (٤١).

٨-د. وهبة الزحيلي، التفسير المنير، دار الفكر، چاپی (یەکەم) ساڵی (١٩٩١) بەرگی (نۆیەم) لاپەڕە (٢٤١).

٩-هەمانە سەرچاوەی ژمارە (٦)، هەروەها بروانە محمد على الصابونى، صفوه التفاسير، بەرگی (یەکەم) چاپی (دووەم)، بيروت (١٩٨١) لاپەڕە (٤٩٢) کە دەڵێت: (وسُمّيت الغنائم به واته: (بالنفل) لأنها زيادة على القيام بحماية الدين والأوطان)

چونكە ئەنفال واتە شتومەكی بەجێماوی مەیدانی جەنگ، زیادە دەستكەوتێكە لەپاڵ پاراستنی دین و وەتەندا

١٠–هەمان سەرچاوەی ژمارە (٨) لاپەڕە (٢٤٣)

هەروەها بڕوانە (ابن منظور) لە (لسان العرب): چاپی (سێیەم) بەرگی (١٤) بیروت، ساڵی (١٩٩٩) لاپەڕە (٢٤٤–٢٤٥) كە لەبارەی ئایەتی (يسألونك عن الانفال)ەوە دەڵێت: (وأنما سألوا عنها لآنها كانت حراماً على من كان قبلهم. فأحلّها لهم.. وفُضِّلوا بها على سائر الأمم الذين لم تُحلّ لهم الغنائم).

١١–هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٢٤٢).

١٢–بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٨) لاپەڕە (٢٤٣).

١٣–سورەتی (الانفال) ئایەتی (٤١).

١٤–بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٨) لاپەڕە (٢٤٥).

١٥–هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٢٤٤).

١٦–ابن القيم الجوزية، زاد المعاد في هدي خير العباد، دار الكتب العلمية، بيروت، ج٢، (١٣٧٩ هـ) لاپەڕە (١٩٤).

١٧–هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (١٩٤).
١٨–بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٨) بەرگی دەیەم لاپەڕە (١٢).
١٩–هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٥).
٢٠–د. محمد بن محمد ابوشهبة، السيرة النبوية في ضوء القرآن والسنة، دار القلم، دمشق، چاپی دووەم ساڵی (١٩٩٢)، بەرگی دووەم، لاپەڕە (١١٧–١٢٩)، هەروەها بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١٦) لاپەڕە (٨٣).
٢١–هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (١٢٩).
٢٢–هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (١٢٩).

٢٣–هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (١٦٤).
٢٤–بەختیار عەلی، لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆش کردن، لێکۆڵینەوەیەك لەسەرچاوەکانی ئەنفال دا، گۆڤاری (رەهەند)، ژمارە (٧)، ساڵی (١٩٩٩)، لاپەڕە (١٧١).
٢٥–هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (١٩٦).
٢٦–مەریوان وریا قانیع، ئەنفال و مۆدێرنە، گۆڤاری رەهەند، ژمارە (٧) ساڵی (١٩٩٩) لاپەڕە (٣٨).
٢٧–هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢٤) لاپەڕە (١٨٢).
٢٨–گۆران بابەعەلی، ئەنفال، جینۆسایدێك لە ئایین دا بۆ رەوایەتی دەگەڕێت، گۆڤاری رەهەند، ژمارە (٧) ساڵی (١٩٩٩)، لاپەرە (١٤٦).
٢٩–هەروەها لەکەلتووری بەعسدا دیاردەیەکی دیکەش لەپرۆسەی ناولێناندا هەست پێدەکرێت ئەویش ئەوەیە کە بەعس لەجەنگی دژ بەنەتەوەکلنی غەیرە عەرەبدا ناوی ئاینیی هەڵدەبژێرێت وەك (القادسیە) لەدژی (فارس) و، (أنفال) لەدژی (کورد)، بەلاَم لەدژی عەرەبی هاوزمانیدا ، ناوی ئاسایی هەڵدەبژێرێت وەك (أم المعارك) لەدژی (کوێت).
٣٠– یۆست هیلتەرمان، وەرگێڕانی لە هۆڵەندیەوە (کاوە ساڵح)، گۆڤاری رەهەند، ژمارە (٧) ساڵی (١٩٩) لاپەرە (١٨)
٣١–هەمان سەرچاوەی ژمارە(٢٠) بەرگی (یەکەم) لاپەرە (٢٥٩).
٣٢–عەبدولڕەحمان سدیق، رۆژنامەی یەککرتوو، ژمارە (٣٣٣) ، ٢٠٠١/٤/١٣ لاپەڕە (٨) .
٣٣– سورەتی (الشعراء) ئایەتی (٤٩).
٣٤–سورەتی (الاعراف) ئایەتی (١٢٧).
٣٥–سورەتی (النازعات) ئایەتی (٢٤).